# ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر

پ. د. کەیفی ئەحمەد عبدالقادر
پشکا زمانێ کوردی- فاکەلتیا پەروەردە- زانکۆیا کۆیە- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانەکان چەندین ڕەهەندی ئەفسانەیی و خورافی لەخۆدەگرن، کە ئەم جۆرە ڕەهەندانەش وایان کردووە، بابەتەکە زیاتر بەرەو بیری ئەفسانەیی و خورافی بڕوات، کە خەڵکی بەشێوەیەك لە شێوەکان گومان لە ڕاستی و واقیعیەتی ڕووداوەکانی بکەن. ئەفسانەکان وەکو بەشێکی گرنگ لەنێو کلتوری هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی پێگە و گرنگی خۆیانن، وەکو ژانرێکی ئەدەبی فۆلکلۆری لەنێو نەتەوە و کۆمەڵگەکاندا بڵاوبوونەتەوە، هەندێك لەو حیکایەتە ئەفسانەییانە بەشێوەی ئەفسانە و داستان و تێکەڵەیەك لە داستان و ئەفسانە بڵاوبوونەتەوە، بۆنمونە گلگامێش، وەکو بەرهەمێکی جیهانی، یان ڕۆژهەڵاتی هەندێك بەشێوەی ئەفسانە ناوی دەبەن و هەندێکیتر وەکو داستان ناوی دەبەن، بۆنمونە (طه باقر) بە داستان ناوی بردووە، نەتەوەی کوردیش لەو ڕووەوە خاوەنی هەندێك بەرهەمە، کە بەم شێوەیە بە زیاتر لە یەك فۆرم بڵاوبونەتەوە، یان گێڕدراونەتەوە، بۆنمونە ئەفسانەی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر، کە بەچەند فۆرمێك هەیە، داستان، ئەفسانە، تێکەڵەیەك لەنێوان داستان و ئەفسانە، دیارە کۆمەڵێك بنەما و ڕەهەند وایانکردووە، کە بتوانین ئەو حیکایەتە بە ئەفسانە ناوببەین، کۆمەڵێك بنەما و ڕەهەندی دیکەشی تێدایە، کە وادەکات بە داستان ئەژماربکرێت، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە لەم توژێژینەوەیەدا لەژێر ناونیشانی (ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر)جەختمان لەسەر ئەو لایەن و بنەما و گێڕانەوە و حیکایەتانە کردۆتەوە، کە وای کردووە، ئەو حیکایەتە فۆلکلۆرییە بە ئەفسانەیەکی کوردی ئاژماربکرێت، واتە ئەو بنەمایانەی، کە وای کردووە، ئێمە ئەو حیکایەتە وەکو ئەفسانە ئەژماربکەین. لەهەمان کاتدا چەند پرسیارێك لەبەردەم توێژەردا خۆیان قوت دەکەنەوە، وەکو ئایا حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر هیچ رەهەندێکی ئەفسانەیی لەخۆدەگرێت؟ ئەو ڕەهەندانە کامانەن، کە وایانکردووە حیکایەتەکە ببێتە ئەفسانەیی؟ هەروەها لەژێر ڕۆشنایی ئەو گریمانەیەی، کە چەند ڕەهەندێکی ئەفسانەیی لەنێو حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر وایانکردووە،

کە ئەم بەسەرهاتە بەرەو جیهانێکی ئافسانەیی بڕوات. توێژینەوەکە لەمیانەی دوو بەشدا ئەنجامدراوە، لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە پێیانگەیشتووین.

**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، حیکایەت، ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەدەبی زارەکی، بوونەوەری سەیروسەمەرە.*

---

## پێشەکی

ئەفسانە وەکو بەشێکی گرنگی نێو ئەدەبی زارەکی هەر نەتەوەیەکی دونیا سەیردەکرێت، کە باس لە چەندین تەوەر و بابەت و ڕوداو و کارەکتەر و بوونەوەر و کات و شوێن و توخمی دیکەی ئەفسانەیی و دوور لە واقیع دەکات، کە زیادەڕۆیی و گەورەکردنی زۆری تێدایە و هێز و توانا و جەستەی سەیر و سەمەرەیی وایان پێ دەبەخشێت، کە زۆر دوور بێت لە مرۆڤی ئاسایی و ڕوداو و شوێن و کاتی ئاساییەوە، بەمەش لە واقیع دەردەچن و دەچنە نێو جیهانێکی دیکەوە، کە پێی دەگوترێت جیهانی ئەفسانەیی. هەموو نەتەوەکانی دونیا چەندین حیکایەت و داستان و گێڕانەوەی لەم شێوەیەیان هەیە و دەماودەم بۆ نەوەکانی داهاتوویان گواستۆتەوە و پارێزگارییان لێ کردوون. نەتەوەی کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەر ئەم زەمینە، بە هەمان شێوەی ئەو نەتەوانە خاوەنی ئەو جۆرە گێڕانەوە و حیکایەتانەیە، کە خاوەنی خەسڵەت و سیما و تایبەتمەندی خۆیانن، کە گوزارشت لە کلتور و ڕەسەنایەتی نەتەوەکەمان و ڕابردووی پڕ لە شانازی دەکات. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هاتووین لە چەند ڕەهەندێکی ئەفسانەیی باسی یەکێك لە حیکایەتە کۆن و پڕ لە شانازی و قوربانیدانی نەتەوەکەمان دەکەین، لایەنە ئەفسانەییەکانی دەخەینەڕوو.

## ناونیشانی کۆڵینەوەکە

ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر.

## کێشەی کۆڵینەوەکە

کۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای چەند پرسیارێکەوە بنیات دەنرێت، دەکرێت وەکو کیشەی کۆڵینەوەکە لێکبدرێنەوە، کە بریتیین لە: ئایا حیکایەتی کاوە و زوحاك بنەمای ئەفسانەی تێدایە؟ ئەو گێڕانەوە و کەش و هەواو چیرۆکانە چین، کە وای کردووە، ئەو بەسەرهاتە مێژووییە بکات بە ئەفسانە؟ ئایا گێڕەرەوەکان لە گێڕانەوەکانیاندا بۆچی پشتیان بە کەش و حیکایەتی ئەفسانەیی بەستووە؟ هۆکاری پەنابردن بۆ بەکارهێنان و مەزراندنی کەش و حیکایەتی ئەفسانەیی لەنێو گێڕانەوەکانیاندا چی بووە؟ ئەو توخمانە چین، کە وای کردووە، ئەم حیکایەت بە ئەفسانە ئەژمار بکەین؟

## سنووری کۆڵینەوەکە

سنووری کۆڵینەوەکەشمان تەنها حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەرە، هەروەها تەنها لە ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی حیکایەتەکە دەکۆڵینەوە.

## ئامانجی کۆڵینەوەکە

ئامانجمان خستەنەڕووی ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەرە.

## میتۆدی کۆڵینەوەکە

میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە.

## ستراکتۆری کۆڵینەوەکە

لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە دوو تەوەر: تەوەری یەکەم چەمك و زاراوە و پێناسەی ئەفسانە، تەوەری دووەم: ئەدەبی زارەکیی و ئەفسانە

بەشی دووەمیش لە دوو تەوەر پێکاهاتووە، تەوەری یەکەم: ناوەڕۆکی حیکایەتی ئەفسانەیی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر. تەوەری دووەم: ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەرە، کە لە چەند لقێك پێکهاتووە، بەم شێوەیە: کاتی ئەفسانەیی، ڕەهەندی کەسێتی، رەهەندی بوونەوەری سەیر و سەمەرە، خەون و ڕووداوی واقیعی ئەفسانەیی.

لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین لەگەڵ سەرچاوە بەکارهاتووەکان خراونەڕوو.

## ١،١. چەمك و زاراوە و پێناسەی ئەفسانە

ئەفسانە بە کۆنترین لایەنی ئەدەبی دادەنرێت و مێژوەکەی بە مێژووی دروستبوون و پەیدابوونی مرۆڤ دەبەستریتەوە، بەهۆی ئەوەی مرۆڤی سەرەتایی لەبواری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانی پەنای بۆ ئەفسانە بردووە و باوەڕیشی پێ هەبووە. چەمکی ئەفسانە لە ئەدەبدا گوزارشت لەو حیکایەتە کۆن و نەریتیانە دەکات، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەنێو مرۆڤەکاندا دەسوڕێنەوە و پلەیەکی دیاریکراو لە ڕێزگرتن لە نێوانیاندا وەردەگرن، بەو پێیەی لەنێو زۆربەی گەلان و نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و زۆرجاریش بوونی نییە و ناڕاستەقینەیە و هەرگیز لە واقیعدا ڕوویننەداوە، هەروەها ڕووداوی سەروو سروشتییان پێدەڵێن، کە پێچەوانەی دابونەریت و لەدەرەوەی ئاساییە. هەروەها باس لە دەستکەوتەکانی خوداوەندەکان و هاوپەیمانەکانیان و شوێنکەوتووانی لە پاشاکان و پاڵەوانەکان و سەرکردەکان و ئەفسانەییەکانی دیکە دەکات. لە کۆندا ئەفسانە نوێنەرایەتی بیروباوەڕی زۆرێک لە گەلانی دەکرد و بە جۆرێك لە جۆرەکان گوزارشتی لێ دەکردن، وەك

لێکـدانەوەی گەلێـک بـۆ دیـاردەیەکی سروشـتی، ڕەنـگە ئەفسـانە بـاس لە شـوێن و کارەکتەرەکـان بکـات، کە مرۆڤەکـان دەتـوانن هەسـتیان پێبکەن و ڕەنـگە لە ڕاسـتیدا هەبن، ڕەنگە کارەکتەرە ڕاستەقینەکانی لەسەر بنیات بنرێت. ئەفسانە " وەکو چەمك ڕەگ و ریشەیەکی کۆنی هەیە و چەمکەکەش فرەیی لەخۆدەگرێت، کە هەندێك پێیان وایە دەچێتەوە سەر وشەی(Mythos)ی یۆنانی، کە بەمانای ئەو چیرۆك داستانانە دێت، کە باسی خودا و پاڵەوانانی ئەفسانەیی دەگێڕێتـەوە" (مـەعروف، ٢٠٠٧، ٩)، ئەفسـانە کـە بـە عـەرەبی (السطورة) یان (الخرافة)ی پێ دەگوترێت و بەزمانی ئینگلیزی (Myth) ی پێ دەڵێن، بەڵام بەپێی کات و سەردەم و گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکان مرۆڤ و لایەنەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانەی، ئەم چەمکەش وەکو خۆی نەماوەتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە گرنگیپێدانەکـەی بـەرزی و نزمـی بـەخۆوە بینیـوە و لەهـەموو سـەردەمێکدا نـە بـرەو و گرنگیپێدانی وەکو پێش خۆی هەبووە، نە پشتگوێ و پەراوێزیش خراوە، کەواتە بەپێی خواسـت و هـەنگاوە پێشـکەوتنخوازەکان و نوشسـتی و دواکەوتنـەکان، ئـەویش ئـەو کاریگەرییانەی کەوتۆتە سەر و دۆخەکەی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەجۆرێك " لە سەدەی بیسـتەمدا چـەمکی  میتۆلۆژیـا بـرەوی جـارانی خـۆی سـەندەوە و لـە بـواری شـیکردنەوەی کۆمەڵایەتی، ئایینی، دەرونشیکاری، ڕەفتار و ئاکاری مرۆڤدا ڕێگەی بۆ لێکۆڵەران تەخت کـردووە و تـا ئـەنجام و هـەڵهێنانی قـووڵ لەسـەر مـرۆڤ و شارسـتانیەتە جیاوازەکـان بەدەستبهێنن" (سیوەیلی، ٢٠٠١، ٣١). بەم شێوەیە ئەفسانە خۆی خزاندۆتە ناو ئەدەب و زانستە جیاوازەکـانی دیکـە و لـە توخمـە جـۆراو جۆرەکـانی ئـەدەب بـەکارهاتووە و نوسـەران گرنگییـان پێـداوە، لەلایـەکی دیکـە و بـەتێڕوانینێکی دیکـە دەتـوانین بڵێـین: (ئەفسـانە چیرۆکێکـی لاسـایی جیهـانێکی نـەبوو و نادیـارە و کـاتێکی نـەزانراو بـێ خاوەنـە، واتـە نوسەرەکەی نەزانراوە، پاڵەوانانی خەیاڵین، کە بریتین لە مرۆڤ و گیانداران و خواوەند و گیانەکان (ارواح) و زیندەوەر و گیانداری سەرووی سروشت) (الريموني، ٢٠٠٩ ، ٢٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەفسانە تەنیا وەکو شتێکی خەیاڵی و بێکەڵك سەیری نەکراوە، بەڵکو وەکو کەرستەیەکی شیکاری و لێکدانەوە و ڕەمز و هێما لە زۆربەی بوارەکانی ژیانـدا سـودی لێـوەرگیراوە، دەتـوانین بـۆ ئـەم جـۆرە سـود و کـەڵك لێوەرگرتنـەش چەنـدین نمونەی زیندوو بهێنینەوە، کە یەکێك لەو نموونانەش (سیگمۆند فرۆید)ە، کە یەکێکە لە توێژەرە سەرکەوتوو و دیارەکانی جیهان، توانیویەتی بۆ توێژنەوەکەی سود لە ئەفسانە و شیکاری ئەفسانەیی دەرونی     وەربگرێت و ئەم توێژینەوە و بابەتەش بە (گرێی ئۆدیب) دەناسرێت، کە بیردۆز و گریمانەکانی خۆی لەسەر بنیاتناوە، کە سودی لە دەقی ئەفسانەی (ئۆدیـب)ی سـۆفۆکلیس وەرگرتـووە، کـە لـە بنەڕەتـدا حیکایـەتی (ئۆدیـب) ئەفسـانەیەکی گریکییە و سۆفۆکلیس هاتووە دەقی شانۆییەکەی خۆی لەسەر بنیاتناوە و کردوویەتی بە

دەقێکی نەمری بواری شانۆ. کەواتە ئەفسانە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەبی جوان و بەرز و ناسک، کە بریتییە لە حیکایەتێکی تا ڕەدەیەك جێگیری باو و پیرۆز، کە بەشێوەی هۆنراوە دارێژراوە، ئەمەش هاوکارە بۆ ئەوەی بە شێوەی زارەکی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە و بەئاسانی لەبەربکەن و بیڵێنەوە، ئەفسانە بەشێوەیەکی ورد و دیاریکراو ئاماژە بۆ کاتێکی دیاریکراو ناکات و بەجۆرێکە، کە هەر لە ئەزەلەوە هەبوە، ئەمەش لەمیانەی ڕوداوانێکی خاوەن بابەتی گشتگیری گەورە و مەزنی وەکو دروستبوون و مردن و ژیان و دیاردە سروشتییەکان و جیهانێکی دیکە و...تاد.. جا ئەو ڕووداوە دروستکراوی مرۆڤ خۆی بێت، یان سروشت، یان خواوەندەکان بێت، ئەمەش لەپێناوی وریاکردنەوە و ئاگادار کردنەوەی خەڵکییە، هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەکردن و جولانی هەست و سۆز و چێژی خەڵکیدا ببینێت. (الاسطورة ..توثيق حضاري، ٢٠٠٩، ٢٥)

ئەگەر بێینە سەر باسکردنی زاراوەی ئەفسانەش، ئەوا بەهەمان شێوە مێژوویێکی کۆن و دێرینی هەیە و لەلای هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەکدا بەجۆرێك ناونراوە و دەربڕدراوە، کە تایبەتە بە بۆچوون و تێگەیشتنی ئەو نەتەوەیەوە. کە " لە زمان و ئەدەبی یۆنانیدا زاراوەی (mythos)ی بۆ بەکارهاتووە. هەروەها لەنێو زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزیشدا (mythology)ی بۆ دانراوە، کە لە بنەڕەتدا وەرگیراوی ئەسڵی وشە گریکییەکەیە. کە پاشان لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکە بووە بە (fable) کە بەواتای خورافە دێت یان (legend) کە بەواتای ئەفسانە دێت، پاشان بەواتای چیرۆکێکی خاوەن بنەمای نادیار و ناڕوون بەکارهاتووە، هەروەها هەندێك پێیان وایە، کە وشەی(mythos) یان (myth) بە هەر شتێکی قسەکەر دەوترێت، کە پەیوەندی بە (Mouth) ەوە واتە بە دەمەوە هەبێت، لەڕووی ئەوەی، کە واتای ئەو وشانە بەدەمەوە بەستراوەتەوە، کە (ڕۆلان بارت) پێناسەی ئەفسانەی وەکو وشە کردووە، هەروەها لە سەدەی نۆزدەهەمدا لقێکی نوێی مەعریفە سەریهەڵدا، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەفسانە دەدا، کە بە (میثولوجیا) ناسراوە، وشەکە لە دوو بەش پێکدێت، یەکەمیان لە بنەچەیەکی وشەی یۆنانی (mutho) وەرگیراوە، واتە: نەریتێک چیرۆکێک دەربارەی خوداوەندە پاڵەوانەکان، دووەمیان (logy)، بە واتای زانست دێت، بەم پێیە، (میثولۆجیا) بەواتای: کۆمەڵێک لە ئەفسانەی تاتیبەت بە گەلێک لە گەلانی دونیا دەگەیەنێت، کە سەر بەو جیهانەن، کە مرۆڤ دروستی دەکات، نەک ئەو جیهانەی کە دەیبینێت (السواح، ١٩٨٥، ١٠). زانایەکی عەرەبی وای دەبینێت، کە وشەی (أسطورة) بە عەرەبیکردنێکی سەردەمی جاهیلییە، بۆ وشەی (historia)ی ئینگلیزی، کە واتای هەواڵ و گێڕانەوە و حیکایەت و چیرۆك و خورافە دەگەیەنێت. عەرەبەکان لە پێش ئیسلامدا وشەی (أسطورة)یان بەکارنەهێناوە، هەروەها یەکەم بەکارهێنانی وشەی (أسطورة، أساطير) بۆ گوزارشتکردن لە ناوەرۆکێکی میسۆلۆجی بەواتای حیکایەتی کۆن بەکارهاتووە،

ئەفسانە زاراوەیەکە مانایەکی تایبەتی ئەفسوناوی هەیە، کە گەلانی جیهان ناسیویانە و لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا بۆتە بەشێک لە میراتی مرۆڤایەتی و سەرچاوەی ئیلهامبەخشی ئەدەبی بووە(خورشید، ٢٠٠٢، ١٩).

فارسەکان لە نێوان ئەفسانە و (أسطورە)دا جیاوازی دەخەنە نێوانیان. لەهەمان کاتدا پێشیان وایە، کە وشەکە ڕەگ و ریشەیەکی ئاریایی و سانسکریتی هەیە، نەوەك یۆنانی " وشەی (Myth) وشەیەکە، کە لە وشە کۆنەکانی ئێرانی، کە لە ئاوێستادا هاتووە و وشەیەکی تری بەناوی ئوخت (uxt) لە ئاوێستادا پێکەوە لەگەڵ (mith) بەشێوەی (mithut) می ئوخت بەکاردێت" (حەسەن، ٢٠٠٠، ١٠). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێدەچێت ڕەگی وشەکە لە خۆرهەڵاتەوە ڕووی لە خۆرئاوا کردبێت، لەم بارەوە واپێدەچێت، کاتێ کە " هێرۆدۆتس لە سەدەی پێجمدا هاتۆتە ڕۆژهەڵات و ئێرانی ئەو کات، دوورنییە وشەی (history) لەگەڵ خۆیدا بردبێتەوە، history لە sutra"ی سانسکریتی هاتبێت و (أسطور)یش لە history. ئەوا بێشك myth ی ئینگلیزی mythyeی فەرەنسیش لە mithی ئاوێستاوە هاتووە" (حەسەن، ٢٠٠٠، ١٠).

لە زمانی کوردیشدا زاراوە و وشەی ئەفسانە زیاتر لایەنی خەیاڵی و مانای بێبنەمای یاخود درۆ و پوچی دەگەیەنێت، لە فەرهەنگی (کوردستان)ی گیوی موکریانیدا ئەفسانە بە چیرۆك و بەسەرهاتی پروپوچ هاتووە و لێکدراوەتەوە ( موکریانی ، ١٩٩٩، ٣٣) هەروەها لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەشماندا زیاتر ئەو وشەیە بۆ شتێك بەکاردێت، کە دووربێت لە ڕاستی و مەحاڵی و ئەگەری ڕوودانی هەبێت، " ئەفسانە ئەو چیرۆك و حەکایەت و داستانانە دەگرێتەوە، کە هەندێك جار نا ئاسایی و لە ڕاستییەوە دوورن" (سەمەد، ٢٠١١، ٧٦)، بەم شێوەیە، بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی چەمك و واتای ئەفسانە لەنێو کورددا لە سەرەتاوە تا ئێستا گۆڕانکارییەکی گەورە و یەکلاکەرەوەی ئەو تۆی بەسەردا نەهاتووە.

میسۆلۆجی زاراوەیەکە، کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک ئەفسانە. وشەی ئەفسانە لە زمانی یۆنانی Mythos ەوە هاتووە، کە بە واتای چیرۆک دێت. ئەفسانە ئەو چیرۆکانەن، کە پەیوەندییان بە ئایین و کولتوورەوە هەیە و لە نەریتێکی چیرۆک گێڕانەوەی زارەکییەوە سەرچاوە دەگرن. چیرۆک گێڕانەوەی زارەکی، واتە بەکارهێنانی وشەی دەربڕدراو بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکان و بۆ هەزاران ساڵ، بەم شێوەیە چیرۆکەکان لەلایەن مرۆڤەکانەوە پارێزراو و زیندوو ڕاگیراون. زۆرجار نەدەنووسرانەوە، بەڵکو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دووبارە و سێبارە دەگوازرانەوە. بەهۆی ئەمەوە وردەکارییەکانی حیکایەتەکان هێواش هێواش بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هات و بەشە جیاوازەکانیان لەگەڵ هەر گێڕانەوەیەکدا خەیاڵیتر دەڕازێنرانەوە، یان خەیاڵیتر دەکران. زۆرجار دڕندەی خەیاڵی و

تـوخمە سەرسـوڕهێنەر و ئەفسـوناوییەکان، یـان سـەروو سروشـتییان تێـدابوو. هەروەهـا زۆرجـار وانەیەکی ئەخلاقییان سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانکردن تێدابوو.

ئەفسـانە بریتییـە لـە حیکـایـەتێکی کـۆن، یـان بریتییـە لـە کـۆمـەڵـە حیکـایـەتێك، کـە بـۆ سـەردەمانی کـۆن دەگـەڕێنـەوە، هەرچـەنـدە هەمیشـە ئـەو حیکـایەتانـە بـۆ حەقیقـەت و ڕاستەقینەیی نین و لەسـەر ئـەرزی واقیعـدا ڕوویاننـەداوە، شایانی باسـە ئەفسانە پیوەندیـدارە بـە بابەتی دیاریکراو، یان کەسانی دیاریکراوەوە، یان بـە شـوێن و جێگـای دیاریکراو، ئەفسـانە لـەڕووی ناوەرۆکـەوە زۆر لـە حیکـایـەتی فۆلکلـۆری دەچێت، کـە کـەسـانی سـەرووی سروشـت لـەخۆدەگرێت. هـەروەها لێکدانـەوە بـۆ دیـاردە سروشـتییەکانی جیـاواز لـە واقیـع دەکـات، ئەفسـانەکان بـەهۆی گێڕانـەوەی زارەکییـەوە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی دیکـە گوزراونەتـەوە، هـەروەها گێڕانەوەی ئەفسانەکان جیاوازی هەیە، کـە هەندێکیان لەمیانـەی هۆنراوەوە گێڕدراونەتـەوەی، یـان لـەڕێگـای ئـەو ڕۆمانانـەی بەشـێوەی زارەکـین، یـان نوسـراون و گێڕدراونەتـەوە، ئامـانجی زۆربـەی ئەفسـانەکان گـەیانـدنی دەرس و پـەنـدێکی دیـاریکراوە. هەندێکیشیان تەنها بۆ خۆشی و کاتبەسەربردنی گوێگرەکان، یان خوێنەرانە، هـەروەها لـە فەرهەنگی زانستی کۆمەڵایەتیدا بەم شێوەیە پێناسەی ئەفسانە کراوە: بریتییە لەو زانیارییە چیرۆکیانەی لە دەوری بیروباوەڕی سـەرووی سروشـت یان ڕێوشـوێنی کـەونی، یان دامـەزراوەی کۆمەڵایـەتی، یـان مێـژووی گـەلێك لـە گـەلان دەخولێتـەوە، ئـەرکی ئەفسـانە لـە بنیاتنـانی کۆمەڵگەدا بریتییە لە تۆمارکردن و پیشاندانی سیستەمی ڕەوشتی، کە بەهۆیـەوە دەکرێت هەڵوێسـت و ڕوداوە کۆمەڵایـەتییـەکان ڕێکبخـرێن و بەیاسـایی بکـرێن.(عبدالحسـین، ٢٠١٢، ١٩)، یـاخود بریتییـە لـە حیکـایـەتێکی بـاو و چیرۆکـی پەیوەنـدی بـە مێـژووی کـۆنی گەلێکەوە هەیە، یان چیرۆکێکە دیاردەیەکی سروشتی، یان کۆمەڵایەتی شیدەکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکات، هەروەها دەتوانرێت لەو ڕوانگەیەوە پێناسە بکرێت، کـە بریتییـە لـە گێڕانـەوەی پەیوەندیـدار بـە ئەسـڵ و بنـەمای دروسـتبوونی کـەون، هـەروەها پەیوەندیـدارە بـە ڕۆشنبیرییەك، یان شوێنێکی دیاریکراوەوە، کە خەسڵەتێکی جیهانی هەیە، یان گێڕانـەوەی سروشتی و پیرۆزن، بەجۆرێك پەیوەستن بە هەندێك کەش و ڕێورەسم و کەرنەڤاڵەوە.

ئەگەر بە واتـا کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و فەلسـەفی و کلتوورییەکان لە پێناسـەی ئەفسانە تێپەڕین و لە ڕەهەندە پێناسەکەرەکەیەوە بەرەوپێش بچین، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەفسانە لە بنەڕەتدا لە خورافەوە سەریهەڵداوە، کە حیکایەتێکە لە گروپ، یان لە تاکەوە پەیدابووە، (فراس سواح) پێی وایە، کە ئەفسانە بریتییە لە سیستەمێکی فیکری تەواو، کە لە دڵەڕاوکێـی بـوونگەرایی و عیرفـانی ئەبەدی مـرۆڤ وەدەسـتهاتووە، بـۆ ئاشـکراکردنی

تەمومژ و لێڵی، کە دەوروبەری دەخاتەڕوو، هەروەها ئەو مەتەڵانەی، کە بەهۆی ئەو سیستەمە گەردوونییە ورد و درشتەی، کە لەناویدا دەجوڵێت، تەحەدای دەکرێت. (السواح، ١٩٨١، ١٥)

ئەفسانە چیرۆکێکی ئاسایی نییە، کە دەگێڕدرێتەوە یاخود حیکایەتێك نییە، کە لەنێو گەل و کۆمەڵگەکاندا لە بۆنە و کۆبوونەوەکانیان بۆ کاتبەسەربردن دەیگێڕنەوە، بەڵکو بەشێوە و ناوەرۆکە تەواوەکەی کۆکەرەوەی بیرکردنەوە و گوزارشتکردنە لە مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتایی و کۆنەکانیدا. بەجۆرێك " ئەفسانە وەك دەق و هونەری گێڕانەوە بەردەوام کاری کتوپڕ و ڕووداوی سەیر دێنێتە پێش، ئەگەر وانەبوایە حیکایەت، لێرە کۆتایی دەهات" (حەسەن، ٢٠٠٧، ٣٥٨). (سێرد.ل.گۆم) دەڵێت مەبەست لە ئەفسانە سەرەڕای، مەبەستی فێرکاری و بیروباوەڕی، شیکردنەوەیە، ئەفسانە کاروبارەکانی زانستی، یان بنەچە و کرۆکی زانست لە سەدەکانی پێش زانست شیدەکاتەوە، ئەفسانەکان چۆنیەتی دروستکردنی گەون و مرۆڤ و ئاژەڵەکان و هەموو بوونەوەرەکان و روخساری زەوی هەر لە ڕوبار و چیا و دۆڵ دارستانەکانمان پێ ڕادەگەیەنن، هەروەها پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەفسانە و خورافە و وتە و قسە لەسەر زمانی ئاژەڵ و ڕوەکەکان و زیندەوەر و خشۆکەکان و کیسەڵەکان و جاڵجاڵۆکەکان و کرمەکاندا هەیە، هەروەها ئەفسانە دیاردە سروشتییەکانی وەك بروسکە و گرمەی هەورەکان و باران و لافاو گەرداوەکان شیدەکاتەوە، هەروەها لە فەرهەنگی (le irobe) کە نوێترین فەرهەنگی فەرەنسییە و پێی وایە، کە ئەفسانە چیرۆکێکی خورافییە و هەمیشە لە بنەچەیەکی میللییەوە دروست دەبێت، وێنای بوونەوەرەکان لە شێوەی هێمایی بەهێزدا بەرجەستە دەکات، هەروەها هەندێکیان لایەنی بلیمەتی و عەبقەری مرۆیی دەخەنەڕوو.

لێرەدا دەبێت پرسیارێک بکەین، کە تا چەند دەتوانرێت ئەفسانە بە تۆمارێک هەژمار بکرێت، نەک تەنها لە ڕووداوەکانی، کە مرۆڤی ڕاستەقینەی تێدایە، بەڵکو سەرچاوەیەکی کلتوور و زانین، یان وێناکردنی بالاترە بۆ ئەم کلتوور و زانینە مرۆییە لە ساتەکان ڕوناکی یان نائومێدی خۆیدا، لەو بارەوە (دینکسن میتشێل) دەڵێت: ئەفسانە بریتییە لە تۆمار و خستنەڕووی سیستەمی رەوشتی، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت یاسادانان و ڕێکخستنی هەڵوێستەکان و رووداوە کۆمەلایەتییەکان ئەنجامبدرێت (میتشێل، ١٩٨١، ١٤٨). بۆیە ئەفسانە و داستان و خورافە و کلتوور ئەو فۆرمەی گێڕانەوەیە، کە لە هەستکردن و هۆشیارییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها ئەفسانە فۆرمێکی جوانیناسییە، کە هەست و وێنە و خەیاڵ و بیروباوەڕی قووڵمان بۆ دابین دەکات، کە لە سەردەمی کۆندا لە مێشکماندا باوبووە.(سعد، ١٩٦٦، ٣)

لە کۆی پێناسەکانی سەرەوەدا دەگەینە ئەوەی، کە ئەفسانە بریتییە لە هزر و بیری مرۆی سەرەتایی و کۆن و تێڕامانیان بۆ کاروبار و رەهەندەکانی ژیان بەهەموو لایەنەکانییەوە، پێش پەیدابوونی زانست و وشیاری و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، ئەمەش بۆتە هۆی حیکایەتی سەروی سروشت، کە سیمایان وایە دەماودەم، یان پشتاوپشت یەك بۆ ئەوەی دی گێڕاوەتەوە و بۆ نەوەکانی داهاتوو ماوەتەوە و گوزراوەتە، تا وای لێهاتووە لە هەندێك سەردەمدا وەکو حەقیقەت و راستی چاوی لێکراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤی سەرەتایی هەستی بەو هێزە و باڵادەستییەکەی کردووە، کە هێز و تواناکانی زۆر لە سەرووی توانا و هێزی خۆیەتی و بەهیچ شێوەیەك نەیتوانیوە زەفەری پێببات و دەسەڵاتی بەسەریدا بشکێت، ئەمە وای لێکردووە، بیر لە شتێك بکاتەوە، کە ئەو بێتوانایی و بێهێزی و بێ دەسەڵاتییەی قەرەبوو بکاتەوە، کە لە ئەنجامدا هەستا بە دروستکردنی ئەفسانە.

**٢,١. ئەدەبی زارەکیی و ئەفسانە**

ئەفسانەکان وەکو فۆرمێك لە فۆرمەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری رۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەریان لەنێو هەر کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکانی جیهاندا بینیوە و هەریەکەیان بەمەبەستی جوداجودا لەنێو بابەت و بواری جودادا سودیان لێ وەرگرتوون، حیکایەتخوان و گێڕەرەوەکانیش یەکێکن لەو چین و توێژانەی، کە پەنایان بۆ گێڕانەوەی ئەفسانەکان بردووە و لەنێو مەجلیس و دیوەخان و شوێنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بۆ خەڵکییان گێڕاونەتەوە و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر سوودیان لێ وەرگرتوون و بەمەبەستی جۆراو جۆر خەلکیان بەهۆی ئەو حیکایەتە ئەفسانەییانە ئاراستە کردووە. ژانری ئەدەبی فۆلکلۆر بریتییە لەو بابەتە ئەدەبییانەی، کە بەشێوەی زارەکی یەك بۆ ئەوەی دیکەی گێڕاوەتەوە و بەشێوەی زارەکی پشتاوپشت گوازراوەتەوە، بەمشێوەیە گێڕانەوەی زارەکی بریتییە لەوەی، کە مرۆڤ گوزارشت لە هونەرێك دەکات، کە دەگەڕێتەوە بۆ پێویستییەکانی مرۆڤ بۆ وتوێژکردن لەگەڵ خەڵکانی دیکە، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ پیادەکردنی گۆڕینەوەی بیرورا لە کەش و هەوایەکی هۆگر و گونجاودا. (ثیسبدس، ١٩٩٦، ٥) . ئەو بەرهەمانەش بەشێوەیەکی گشتی دەچنە نێو جیهانی فۆلکلۆرەوە، کە لە چەندین فۆرمی جیاواز پێکدێن و هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی تایەت و دیاریکراو لە کات و سەردەمی خۆیاندا بەکارهاتوون، کە واتە ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییانە "بەرهەمی هەست و بیر و ئەندێشە و خەون و خەیاڵی تاك و تەرا و کۆمەڵ و دەستە و تاقمەکانی پێکهاتە رەگەزییەکانی خەڵکی کوردستانە، توانیویەتی تایبەتمەندی خۆی دیاریبکات و مۆرك و رەسەنایەتی خۆی بپارێزێ و شوناسنامەی خۆی هەڵگرێ" (حەیران، ٢٠١٢، ٥٣). لەنێو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریشدا ئەفسانەکان وەکو فۆرمێکی دیار و سەربەخۆ بەدیارکەوتوون و رۆڵێکی کاریگەرییان لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و خستنەرووی

پەیامەکانیاندا بینیوە، هەروەها ئەو ئەفسانانە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو گەل و نەتەوە و سەردەم و شوێنانەیان هەڵگرتووە، کە لێیەوە پەیدابوونە، هەرچەندە لەڕوی حەقیقەت و ڕاستیدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە واقیع و ڕاستی دووردەکەونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو زانستێك ناسێنراوە و چووەتە بواری تاقیکردنەوە و کۆڵینەوەی زانستییەوە، کە بە مسیۆلۆجیا ناسراوە. کەواتە مسیۆلۆجیا " ئەفسانە و باوەڕبوون بە شتی پڕوپوچ دەگەیەنێت، واتە بریتییە لە زانستێك، کە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەفسانە و خورافە دەکات، کە پەیوەندیدارن بە خوداوەند و بەزەیی خوداوەندەوە، پاڵەوانە ئەفسانەییەکان لەلایەن کۆمەڵانی خەڵك، یان نەوە و ڕەگەزەکانی مرۆڤ لە مەرحەلەکانی گۆڕانکارییاندا." ( الريموني، ٢٠٠٩، ٢٣) بەم شێوەیە ئەفسانە خۆی خزاندە نێو ئەدەب و لە ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب بەکارهات، گێڕەرەوە و نوسەران گرنگییەکی زۆریان پێداوە، دەتوانین بڵێین: "ئەفسانە چیرۆکێکی لاسایی جیهانێکی نەبوو و نادیارە و کاتێکی نەزانراو و بێ خاوەنە، واتە دانەرەکەی نەزانراوە، پاڵەوانانی خەیاڵی، کە بریتین لە مرۆڤ و گیانداران و خوداوەند و گیانەکان (ارواح) و زیندەوەرانی سەروی سروشت" (الريموني، ٢٠٠٩، ٢٤). بەم شێوەیە ئەفسانە حیکایەتێکی ڕێکخراوی زارەکییە و بەشێوەیەك ناوەڕۆکەکەی بابەتێکی ئایینی لەخۆدەگرێت، کە پەیوەندیدارە بە هێزی نادیار و ئاسمانی، گوزارشت لە زانیاری مرۆڤی سەرەتایی و ئاکار و ئاستی زانستی و هیوایەت و ئامانجەکانی دەکات، کە ڕووداوێك دەگێڕێتەوە، کە مەبەستە، جا ئەو ڕووداوە دروستکراوی مرۆڤ خۆی بێت، یان سروشت، یان خواوەند بێت، لەپێناوی وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی، هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی و پەروەردەکردن و جولانی هەست و سۆز و ژیرییان دەبینێت. (الاسطورة توثيق حضاري، ٢٠٠٩، ٢٥، ٢٦). ئەو حیکایەتە ئەفسانەییانە برەویان پەیداکرد و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و لەنێو ماڵ و خانەوادەکاندا دەگێڕدرانەوە و کاتی خۆیان پێ بەسەردەبرد، سەرەڕای مەبەستە ئایینی و پەروەردەیی و فەلسەفی و...هتد، کە خەڵکانێکی تایبەت لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا پەیدابوون و ئەو حیکایەتانەیان بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە، لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریشدا ئەفسانەکان پێگە و ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە، کەسانی تایبەت وەکو حیکایەتخوان بۆ خەڵکیان گێڕاوەتەوە، بەجۆرێك "پیرەژنەکان و پیرەمێردەکان هەر لە کۆنەوە لە گوندەکان شەوانە لە دەمی زستاندا خەڵکیان لێ کۆدەبێتەوە و داستان و چیرۆکیان (چیرۆکی بەستران) بۆ دەگێڕنەوە، وەك شیرین و فەرهاد و ڕۆستەمی زاڵ و... تاد. ئەمەش زیاتر فۆلکلۆرە، واتە لە پێشینان بەجێماوە و دەماودەم لە باو و باپیرانەوە ماونەتەوە، هەروەها هەتا ئێستاش لە هەندێ شوێن هەر بەردەوامە" (بۆتانی، ٢٠٠٨، ١٠)

حیکایەتی فۆلکلۆری زوحاك و کاوەی ئاسنگەر، یەکێکە لە حیکایەتە بەربڵاو و کۆنەکانی نێو فۆلکلۆری کوردی، هیچ تاکێکی کورد بە خوێندەوار و نەخوێندەوارییەوە نییە، کە سەربردەی ئەم حیکایەتە نەزانێت، لەنێو فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردیدا بە چەندین شێواز ئەم حیکایەتە دەگێڕدرێتەوە، کە "یەکێ لە گێڕانەوە هەرە گرنگ و بەناوبانگی ناو کوردەواری ئەو حیکایەت و ئەفسانانەن لەبابەت کاوەی ئاسنگەر و نەورۆزەوە، دیاریکردنی سەردەمی پەیدابوونی ئەم حیکایەتە کارێکی ئاسان نییە. بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە، لە رۆژگارانی قۆناغی دێلییەتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پەیدابووە" (خەزنەدار، ب٦، ٢٠٠٦، ٢٨). هەرچەندە تەوەری سەرەکی حیکایەتەکە و بابەتی سەرەکی لە هەموویاندا وەکو یەکە و جیاواز نین، بەڵام لە گێڕانەوەکاندا جیاوازی هەیە، گێڕەرەوەیەك بۆ گێڕەرەوەیەکی دیکە جیاوازە و هەندێك ڕووداو و کەسێتی لاوەکی لەلایەن هەندێکیان زیاد و کەم دەکرێت، بەمەش هەموویان وەکو یەك نین، بۆیە بۆ کۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی ناتوانرێت پشت بەو حیکایەتە زارەکییانە ببەسترێت، باشترین ڕێگا ئەوەیە، پشت بە شتی بەڵگەدار و نوسراوەی فۆلکلۆری ببەسترێت، لەنێو ئەو نوسراوانەشدا باشترین سەرچاوە شانامەی فیردەوسییە، کە نوسەر بەشێوەیەکی نوسراو و پشتبەستوو بە مێژوو و کلتوور ئەو حیکایەتەی نوسیوەتەوە، لەلایەن نووسەر و ئەدیبی کورد (د. صدیق بۆرەکەیی) بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، بۆیە بۆ کۆڵینەوەکەمان پشتمان بە حیکایەتی زوحاك و کاوەی نێو شانامەی فیردەوسی، وەرگێڕدراوی کوردی بەستووە، فیردەوسی ئەو حیکایەتە و هەموو حیکایەت و سەربردەکانی دیکەی نێو شانامەی وەکو مێژووی زنجیرەی پاشایانی ئێران نوسیوەتەوە، کە بریتییە لە مێژووی ئێران زەمین، نەك ئەو ئێرانەی ئەمڕۆ هەیە و دەیناسین، مێژووی ئێران زەمینیش بریتییە لە مێژووی هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی، کە ئەو کات لەسەر ئەو خاکە پان و بەرینەدا ژیاون، نەك نەتەوەی فارس بەتەنها، بێگومان نەتەوەی کوردیش یەکێك بووە لەو نەتەوانەی، کە لەسەر ئەو خاکە شانبەشانی نەتەوەکانی دیکە ژیاوە، لەو مێژووەدا بەشدارە لە هەموو ئەو گۆڕانکارییی و پێشکەوتنانەی لەو خاکەدا لەو کات و سەردەمانەدا ڕوویانداوە، بە چاك و خراپییەوە، کەواتە بەشێکی گەلەکەی و بەشێك لە دەستەڵاتدار و پاشا و پاڵەوان و زانا و دانا و کەسە بەناوبانگ و شەڕەنگێزەکانی بەر نەتەوەی کورد دەکەون، چونکە ئەو کات بیری ناسیۆنالیستی و نەتەوەپەرستی نەبووە و چەندین نەتەوە لەژێر سایەی یەك حوکمڕانی گەورە و فراواندا ژیاون، زمانێکی هاوبەشیشیان هەبووە، کە زمانی پەهلەوییە، واتە دوای ئەوە و دوای چەندین سەردەم نەتەوەکان لە یەکدی جیابوونەتەوە و هەریەکەیان بوونەتە خاوەنی زمان و خاك و کلتووری خۆیان و لە زۆر شتیشدا هاوبەشییان هەیە و ئەو کارییگەرییە بەسەریاندا ماوەتەوە.

### ١,١. ناوەرۆكی حیكایەتی ئەفسانەیی زوحاك و كاوەی ئاسنگەر

(فیردەوسی) ئەو حەكایەتەمان ئەوها بۆ دەگێڕێتەوە و باس دەكات، ئەو فەرمانڕەوایە، واتا زوحاك ماوەی فەرمانڕەوایەتییەكەی هەزار ساڵی خایاندووە، رۆژێك شەیتان لە بەرەبەیاندا لە شێوەی مرۆڤدا خۆی دەگەیەنێتە (ئەژدەهاكی كوڕی مەرداس)و چەندین قسەی جوان و رێكی لەگەڵدا دەكا، لە ئاكامدا كاری لێدەكات و وای لێدەكات هەڵیدەخەڵەتێنێت و باوكی خۆی دەكوژێت و دێتە سەرتەخت و دەبێت بە شای وڵات. دووبارە شەیتان خۆی دەگەیەنێتەوە پاشا و ئەو جارەیان لە بەرگی لاوێكی جواندا خۆی دەگەیەنێتە (ئەژدەهاك)و وردەوردە خۆی لێ نزیك دەكاتەوە، تاوەكو توانی بەتەواوەتی سەرنجی بۆ لای خۆی رابكێشێت. وای تێگەیاند، كە ئەو چێشتلێنەرێكی بێوێنە و لێهاتووە، بۆیە ئەویش بڕیاردەدات، كە بیكات بە چێشتلێنەری تایبەتی خۆی. تا لە ئاكامدا (ئەژدەهاك) زۆر پێی سەرسام دەبێت و بانگی دەكات، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری خۆی بۆ دەرببڕێت، لەبری ئەو خواردنە خۆش و نایابانەی لەو ماوەیەدا بۆی دروستكردووە، ئەویش پێی دەڵێت: گەورەم من یەك ئاواتم هەیە، ئەویش ئەوەیە، كە شانە پیرۆزەكانی بەڕێزتان ماچبكەم، جا بەو بۆنەیەوە داوا لە خاوەنشكۆی بەڕێز دەكەم، كە شانە پیرۆزەكانیم بۆ دەربخات و رووت بكات، بۆ ئەوەی زیارەتیان بكەم. ئەویش داواكارییەكەی جێبەجێ دەكات و، شانەكانی ماچدەكات، دوای ماچكردنەكە بە ماوەیەك، شانەكانی ئازاریان لێ پەیدادەبێت، پاشان دوو ڕەشمار لە شوێنی دەمی چێشتلێنەرەكە لەسەر شانی (ئەژدەهاك) سەردەردەهێنن. دوای ئەو رووداوە، چێشتلێنەر (شەیتان) وندەبێت و لەوێ نامێنێت. دیسان بۆ جاری سێیەم لە شێوەی حەكیم و پزیشك دێتەوە كۆشك و دەڵێت: من چارەسەری پاشا دەكەم، دوای پشكنین پێی دەڵێت: چارەسەری تۆ ئەوەیە، هەموو رۆژی مێشكی دوو لاو دەرخواردی مارەكانی سەر شانت بدەی، تاكو هێور ببنەوە و ئازارت نەدەن، دوای ئەوە خۆی وندەكات و ئەژدەهاك و دەستوپێوەندەكەشی بڕیاردەدەن بە قسەی بكەن و رێنماییەكانی وەكو خۆی جێبەجێ بكەن، رۆژانە دوو لاویان دەگرت و سەریان دەبڕین و مێشكیان دەرخواری مارەكانی سەر شانی ئەژدەهاك دەدا، دوو كەس، كە ئەو فەرمانەیان جێبەجێ دەكرد، ناویان (ئەرمایل و گەرمایل) بوو، كە وەكو سەربڕ و ئامادەكاری دەرمان لە مێشكی لاوەكان كاریان دەكرد، ئەوانە لەو كردەوەیە زۆر دڵتەنگ و بێزاربوون، بەڵام چاریان نەبوو، هەر ئەوەندەیان پێكرات، كە لەو دوو لاوە یەكێكیان سەرببڕن و یەكیشیان ئازاد بكەن و لە شوێنی ئەو مەڕێك سەرببڕن و مێشكی تێكەڵی مێشكی لاوەكە بكەن و دەرخواردی مارەكانی بدەن، بە لاوە ئازادكراوەكەشیان دەوت، كە بچێت بۆ چیا و خۆی ونبكات، بەم شێوەیە وڵات كەوتە نێو تاوان و زۆرداریی و وێرانكاریی و كوشت و كوشتار، هەموو ماڵێك تازییەدار بوون، بۆیە دەنگی ناڕەزایی خەڵكی بەگشتی لە نێر و مێ، گەنج و

پیر دەبیسترا و بەنهێنی کۆدەبوونەوە و پرس و ڕایان بە یەکدی دەکرد، تا بزانن چی بکەن، بۆ دەرچوونیان لەو زیللەت و دەردەسەرییە، هەموویان لەو باوەڕە دابوون، کە تەنها یەکگرتنە دەبێتە هێزی رزگارکەریان، بۆیە دەبێت یەکبگرن.

ئەژدەهاکیش ئەو ناڕەزاییەی خەڵکی لێرە و لەوێ دەبیست و هەستی پێدەکرد، بۆیە هەمیشە لایەنی دەرونی ناجێگیر بوو، لە ترس و ڕاڕایدابوو، بۆیە شەوێك خەون دەبینێت، لە خەونەکەی کەسێك دێتە بارەگای کۆش و سکاڵا دەکات و ناڕەزایی توند دەردەبڕێت، بە گۆپاڵ و گورز لە سەری دەدات و دەیخات. پاشان خەڵکی ناڕازی هەڵدەکوتنە سەر کۆشك و دەست و پای دەهاك زنجیر دەکەن و دەیکەنە دیل و بۆ چیای دەماوەند دوریدەخەنەوە و لەوێ خستیانە نێو چاڵێکەوە تا بەزەلیلی بمرێت. ئەژدەهاك لە خەوەکەی ڕادەپەڕێت و زۆر دەترسێت، بۆیە بەیانی هەموو زانایان کۆدەکاتەوە، دەڵێ: واتای خەونەکەم بۆ لێکبدەنەوە، کەسێکی زانا و شارەزا واتای خەونەکەی بۆ لێکدەداتەوە و پێی دەڵێت: منداڵێك لەدایکدەبێت، دەسەڵاتت لەنێودەبات، بۆیە ئەژدەهاك بڕیاردەدات هەر منداڵێك لەدایکبێت بیکوژن، ئیتر منداڵی زۆر بەو هۆکارە لەنێودەچن، بەڵام دوژمنەکەی ئەو لەدایکدەبێت و پێی نازانرێت و دەنردرێتە ناوچەکانی دورەدەست و دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو، تا گەورە دەبێت و سەرکردایەتی روخانی دەسەڵاتی دەکات و لە شوێنی ئەو دەبێتە پاشا. شا کە ئەمەی بیست زۆر ترسا، بۆیە کەوتە ڕاو و تەگبیر بە زانا و دەستوپێوەندی، وایان بەباش زانی، کە گەواهینامەیەك بنووسن و تێیدا پانگەشە بۆ دادپەروەری و چاکەکانی پاشا بکەن و بەنێو خەڵکیدا بڵاوبکەنەوە، ئەوانەشی دژی ئێمەن بە ئاژاوەگێڕ بیانناسێنن. دەبێ لەشکرێکیش بۆ لەنێوبردنیان ئامادەبکەن و سەرکوتیان بکەن، لەو کات و ساتەدا کاوە لەتاو گرتنی کوڕی هەژدەهەمی بۆ ناڕەزایی دەربڕین هەڵدەکوتێتە سەر کۆشك و دەچێتە ژوورەوە و لای پاشا سکاڵای خۆی دەردەبڕێت، داوای کوڕی هەژدەهەمی دەکات، ئەژدەهاك زۆر دەترسێت و خەونەکەی بیردێتەوە، بۆیە فەرماندەکات کوڕەکەی بۆ بێنن و بیدەنەوە، ئەوانیش کوڕەکەی ئازاددەکەن، بەڵام لەبری ئەوە داوای لێدەکەن، کە ئەو گەواهێنامەی، کە بانگەشەی دادپەروەری ئەژدەهاك دەکات، بۆیان واژۆ بکات، ئەویش تورە دەبێت و گەواهینامەکە دەدڕێنێت و دەیخاتە ژێرپێیەوە و دەستی کوڕەکەی دەگرێت و دەردەچێت.

کاوە کاتێ لە کۆشك دەردەچێت، دەچێتە نێو خەڵك و دەستدەکات بە هاندانی خەڵکی و داوادەکات ئیدی بێدەنگ نەبن و ڕاپەڕن و شۆڕش بکەن و زۆردار لەناوببەن، خەڵکی لێی کۆدەبنەوە و دەخرۆشێن و شۆڕش و ڕاپەڕین دەسپێدەکات، کاوەش بەرهەڵبێنەی کارکردنەکەی، کە پارچە چەرمێك بوو، کردە ئاڵا و کەوتە پێش خەڵکە راپەڕیوەکە و هەڵیانکوتایە سەر کۆشی زۆردار، کاوە داوای لێکردن بچن بۆ لای (فەرەیدون) و داوای

لێبکەن، کە سەرکردایەتییان بکات، خەڵکی چوونەلای فەرەیدون و کردیانە سەرکردەی شۆڕشەکە و ئەویش ئاڵای دەستی کاوەی ماچکرد و داواکەیانی قبوڵکرد، هەڵیانکوتایە سەر دامودەزگاکانی زۆردار و لەنویانبردن و ئەژدەهاکیشیان یەخسیر کرد و بردیانە چیای دەماوەند، وڵات ئازاد دەبێت و خۆشی و شایی و دادپەروەری سەراپای وڵات دەگرێتەوە، ئەو رۆژەش ناودەنرێت بەجەژن و رۆژی نوێ و ئازادی نەتەوەیی، ئاگریان لەسەر چیا و لوتکە بەرزەکان کردەوە و ناویان نا چەژنی نەورۆز. دوای ئەوە خەڵکەکە بە یەك دەنگ لەبری ئازایەتی و یەکەم براچەی شۆڕش کاوەیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە پاشای وڵات، چونکە ئەو هۆکار و داگیرسێنەری شۆڕش بوو. بەڵام کاوە رەتیکردۆتەوە، کە ببێتە پاشا و لەبری خۆی (فەرەیدون)ی پێشنیازکرد، تا ببێتە پاشا، ئیدی خەڵکیش رازی دەبن و فەرەیدون دەکەنە پاشای وڵات.

**٢,٢. ڕەهەندە ئەفسانەییەکانی حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر**

لەم حیکایەت و گێڕانەوەیەدا چەندین ڕەهەند و لایەنی ئەفسانەیی و بەعەقلدانەچوو بەدیدەکرێت، کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

**١,٢,٢. کات و ژمارەی ئەفسانەیی:**

کاتی ئەفسانەیی ئەو کاتەیە، کە لەسەر بناغەی ڕێزبەندی و بەدوایکدا هاتنی زۆرەملێ بنیاتنراوە، بەشێوەیەك کە ڕووداوەکان یەك بەوی دی بەشێوەیەکی لۆژیکی بەستراونەتەوە، ڕووداوەکان بەشێوەیەکی تراژیدی دەست پێدەکەن، بەهەمان شێوەی تراژیدیش کۆتاییان دێت، جوڵەی کات جولەیەکی بازنەیی دووبارە بووە، بەشێوەیەك، کە دەرگایەکی دیکەی کات بەڕووی سوڕی کاتدا دەکاتەوە. (الجبوری، ٢٠١٣، ٢٩). کات لەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا وەکو توخمێکی کاریگەر ئامادەیی هەیە، بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە جۆرێکی ئەدەبی بۆ جۆرێکی دیکە دەگۆڕێت، کە لە هەندێك جۆردا زیاتر کاریگەری و ئامادەیی هەیە، بەتایبەتی لە داستان و ئەفسانە و ڕۆمان و چیرۆکدا، واتە ئەو جۆرە ئەدەبانەی چیرۆکئامێزن، کە دەکرێت ئەو کاتە بەشێوەیەکی واقیعی، یان خەیاڵی، یان ئەفسانەیی و نالۆژیکی بەکاربهێندرێت، دەکرێت کات و سەردەمی ڕووداوی نێو دەقەکە بەشێوەیەکی واقیعی، یان نزیك لە واقیع بەکاربهێندرێت، بەمەش دەقەکە شێوەیەکی واقیعی و لۆژیکی وەردەگرێت، هەروەها دەکرێت ئەو کاتە بەشێوەی خەیاڵی و دوور لە واقیع بەکاربهێندرێت، لە هەمان کاتدا دەکرێت، ئەو کاتە شێوەیەکی ئەفسانەیی و دوور لە ئەقڵ و لۆژیك بەکاربهێندرێت، بەمەش دەقەکە لەڕووی کاتەوە شێوەیەکی ئەفسانەیی وەردەگرێت و دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەفسانەوە. ژانری ئەفسانەش "وەك حەکایەتێك کە پڕە لە کەسایەتی جیا جیا و ڕووداوی سەیر و هەمە جۆر، هەر بۆیەش پێویستییەکی بنەڕەتی بە

(كات) هەیە، جا چ كاتی ئاسایی چ كاتی ئەفسانەیی، ئەم كاتانە بە هەر دوو جۆریەوە، كاتی پاڵەوانە ئاسایی و ئەفسانەییەكانن، هەرچەندە كاتی دەق وەك مێژوو كاتێكی دیاری كراوی خۆی ناداتە دەست، بەڵام ڕەوتی حەكایەت بەردەوام لەنێو كات دایە، كات بە هەردوو جۆریەوە" (حەسەن، ٢٠٠٧، ١٨٠).

لە حیكایەتی زوحاك و كاوەی ئاسنگەری نێو شانامەی فیردەوسیدا، باس لە كات و سەردەمی زوحاك (پاشا ئەژدەهاك) دەكات، كە تەنها ماوەی حوكمدارییەكەی (١٠٠٠) ساڵ بووە، جگە لە ساڵانی تەمەنی لە دەرەوەی حوكمداریدا، كە بەمەش تەمەنی دەچێتە سەرووی هەزار ساڵ، ئەمەش شتێكی ئەفسانەیی و نا لۆژیكییە، چونكە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ، دوای سەردەمی مێژوو، هیچ مرۆڤێك تەمەنی نەگەیشتۆتە ئەو ماوەیە، واتە هەزار ساڵ، هەرچەندە لەپێش مێژوو لە قورئانی پیرۆزدا باسی تەمەنی پێغەمبەر نوح كراوە، كە تەمەنی (٩٥٠) ساڵ بووە، بەم شێوەیە لەڕووی كاتەوە، ئەم حیكایەتە ڕەهەندێكی ئەفسانەیی وەرگرتووە، هەروەها ژمارەیەكی دیكەی نێو حیكایەتی ئەفسانەیی زوحاك و كاوەی ئاسنگەر مایەی لەسەر وەستانە، ئەویش ژمارەی ئەسپەكانی زوحاكە، كە ژمارەكە ئەوەندە زۆرە دەچێتە چوار چێوەیەكی ئەفسانەییەوە، كە دەگوترێت (١٠٠٠٠) دە هەزار ئەسپی هەبووە، كە نەك كەسێك ئەستەمە ئەو ژمارە زۆرەی ئەسپی هەبێت، بەڵكو ئەمە زەحمەتە هەتا وڵاتێكیش ئەوەندە ئەسپەی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئەسپانە ئەسپی ئاسایی نین، بەڵكو هەموو ئەسپی دەگمەن و ڕەسەنن، بۆیە ئەمەش دووبارە دەبێتە ڕەهەندێكی دیكەی ئەفسانەیی ئەم حیكایەتە.

"هەندێكیش پێیان ئەوت بەیوەر ئەسپ
ئەدرەوشایەوە وەك ئازەر گوشیسپ
چونكە دە هەزار ئەسپی بوو رەسەن
هەرچی ویستایە زوو بۆ خۆی ئەسەن" (فردوسی، ١٣٨٤، ٥١٤)

### ٢،٢،٢. ڕەهەندی كەسێتی

كەسێتی وەكو توخمێكی كارا و كاریگەر و هەڵسوڕێنەری رووداوەكانی نێو جۆرە ئەدەبییە چیرۆك ئامێزەكانی وەكو حیكایەت و داستان و چیرۆك و ڕۆمان و ئەفسانە رۆڵی خۆی دەگێڕێت، بەبێ بوونی كەسێتی، هیچ كام لە توخمەكانی كات و شوێن و رووداو ناتوانن گەشە بكەن و گۆڕانكاری بەخۆیانەوە ببینن و لە قۆناغێكەوە بچن بۆ قۆناغێكی دیكە، بەجۆرێك "ئەفسانەكانی پاڵەوانییەتی یادەوریێكی مێژوویی میللەتێك دەگێڕنەوە و بەرگێكی ئایدیالی و كەماڵ و پاڵەوانیەتی وەبەر بابەت و ڕووداوەكان دەكات" (عەباس، ٢٠٠٦، ١٦٥). نوسەر و گێڕەوەكان كەسێتییەكان لە جیهانی واقیع و خەیالی و ئەفسانەیی

وەردەگرن و دروستیان دەکەن، چونکە "زۆر جار کە چیرۆکنووس کە پاڵەوانی خەیاڵی دروست دەکات، بەدەستی مەبەست نایەوێت کتومت ئەو کەسایەتییەی کە خۆی مەبەستییەتی بیخاتەڕوو، بۆیە دێت لە بەرگی کەسایەتییەکی خەیالیدا پەردەپۆشی دەکات، ئەویش زیاتر لەبەر ئەو وروژاندنەی کەسایەتییە ڕاستەقینەکەیە" (سەعید، ٢٠٠٦، ٨٥). ئەمەش بەپێی سروشت و جۆری ئەو بابەتە دەگۆڕێت، کە دەگێڕدرێتەوە، یان دەنوسرێت. بۆ نمونە "پاڵەوانی ڕیالیزمی مێژوویی خاوەن کەسێتییەکی بەهێزە لەنێو کۆمەڵەکەیدا و، زیاتر هەوڵی سوودگەیاندن بە کۆمەڵەکەی دەدات" (گەرمیانی، ١٩٩٩٦، ٦٠). هەروەها کەسێتی لەنێو ژانری ئەفسانەدا پێگە و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێرێت و بەبێ کەسێتی ناتوانرێت ئەو کاریگەری و گەورەییەی هەبێت، کە ئێستا هەیەتی، واتە ئەگەر کەسێتی لە ڕوداوی ئەفسانەیی جیابکەینەوە و دابیبڕین، ئەوا ئەفسانە ئەو پێگەیەی نامێنێت، کە هەیەتی، هەر بۆیەش "زۆر جار کاری بەرزتر لە سروشت و سیحر و جادوو کەوتووەتە ناو ئەدەبی حەماسی، قارەمانەکانیش تووشی گەلێك ڕوداوی سەربە جیهانی تر بوون" (وارنێر، ٢٠٠٩، ١٣١). لە حیکایەتی ئەفسانەیی زوحاك و کاوەشدا چەندین کەسێتی سەرەکی و ناوەندی و لاوەکی دەبینین، وەکو (کاوە و زوحاك و فەرەیدون و وەزیرەکان و پیاوانی ئایینی و دۆست و نەیار و دارودەستە و کارەکەر و نۆکەرانی نێو کۆشك... هتد)، کە هەندێکیان سەربە جیهانی واقیعی و خەیالین و هەندێکیشیان سەربە جیهانی ئەفسانەین، کەسێتییەکانی نێو ئەفسانەکانیش بە پاڵەوان ناسراون، کە "پاڵەوان بەشێوەی ڕۆڵگێڕی ئەفسانەیە و کارەکتەری ئەفسانەیی، خۆی لە (دێو) و (جن) و (پەری) و (شەیتان) و هاوچەشنەکانیاندا نمایش دەکات و ئەم پاڵەوانانە هەر بە سروشتی خۆیان لەنێو ئەفسانە، پاڵەوانێکی ئەفسانەین و هێزگەلێکی ئەفسانەییان هەیە و کاری سەیر و ئەفسانەیی دەکەن، جگە لەو پاڵەوانانەی کە ئاسایین و کەچی  کاری ئەفسانەیی دەکەن" (حەسەن، ٢٠٠٧، ١٧٨). جا ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، ئەو کەسێتییانەن، کە سەربە جیهانی ئەفسانەین، کە ئەویش بریتییە لە کەسێتی (ئەهریمەن)، ئەم کەسێتییە بۆیە ئەفسانەییە، کە کەسێتییەکە لە واقیعدا تەنها وەکو ناو بوونێکی مەعنەوی هەیە، تاکو ئێستا لە سەر زەوی کەس بەچاو نەیبینیوە، تەنها بەپێی بیرو باوەڕی ئایینی بەگشتی و ئایینە ئاسمانییەکان بەتایبەتی بەشێوەیەکی مەعنەوی و بەرجەستە باسیان کردووە، کە سەرەتا وەکو فریشتەیەك لە بەهەشت بووە، بەڵام دوای سەرپێچیکردنی فەرمانی خوای گەورە لە بەهەشت دەردەکرێت، لەو ساوە تاوەکو ئێستا وەکو دوژمنێکی مرۆڤ لە کاردایە و مرۆڤەکان بۆ کاری خرابەکاری و تێکدەرانە و دژ بە فەرمانەکانی خوای گەورە هاندەدات. لەم  ئەفسانەیەشدا، بە دەرکەوتنی ئەو، واتە (ئەهریمەن) گرێی ڕووداوەکانی نێو ئەفسانەکە دەست پێدەکەن، سەرەتا پاشا و گەلەکەی بەبێ کێشە دەژین و کاروبارەکان بەڕێوەدەچن، بەڵام

بەدەرکەوتنی ئەو (ئەهریمەن)، کە سەرەتا دەچێتە لای ئەستیاگی کوڕی پاشای وڵات (پاشا مەرداس) و هانیدەدات، تاوەکو بەرەنگاری دەسەڵاتی باوکی ببێتە و بۆخۆی ببێتە پاشای وڵات، ڕێگەی ئەوەی پیشاندەدات، کە پاشای باوکی بکوژێت و خۆی بێتە شوێنی، ئەم پیلانە نەگریسە بیر و هزری زوحاك داگیر دەکات، تا سەرەنجام ، ئەو پیلانە جێبەجێ دەکات و باوکی واتە (پاشا مەرداس) دەکوژێت و خۆی دەسەڵات داگیر دەکات و دەبێتە پاشای وڵات.

"ڕۆژێك ئەهریمەن لە بەرەبەیان
خێرا بە پەلە خۆی بە ئەو گەیاند
دانیشت و کەمێ چاوەڕوانی کرد
لەگەڵیا دووا و قسەی جوانی کرد
وتی من قسەی زۆرم بۆت هەیە
قسەم ببیستە سوودی بێ پەیە
خۆ تۆ لاوێکی ورد و جووانی
بۆ وا دانیشتووی بەچی ئەڕوانی؟
تا زووە باوکت خێرات بکوژە
هەر بە دەستی خۆت خوێنی بڕەژە
ئەوسا خۆت بچۆ سەر تەخت دانیشە
ئەم کارە بۆ خۆت بکە بە پیشە" (فردوسی، ١٣٨٦، ٥١٤، ٥١٥)

دوای ئەوەی کاروبارەکان دووبارە ئاسایی دەبنە و دەکەونەوە سەر ڕێڕەوی خۆیان، ئەو کەسێتییە ئەفسانەییە (ئەهریمەن) بۆ جاری دووەم دەردەکەوێتەوە، دەرکەوتنەکەی دیسان ئاراستەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت، لەم دەرکەوتنەیدا وەکو کەسێکی شارەزای بواری خواردەمەنی و چیشتلێنەرێکی کارامە خۆی دەناسێنێت، ئەوانیش بەبڕیاری پاشا لە چیشتخانەی کۆشك و تایبەت بە پاشا کاری پێدەدەن و لەوێ دەستبەکار دەبێت، دوای ئەوەی ماوەیەك بەسەر کارکردنی لە کۆشکی پاشادا تێدەپەڕێت و بەئامادەکردنی چێشتی بەتام و دەگمەن سەرنجی پاشا بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

"ئەهریمەن بەمە گەلێ پێی گەشا
خۆی رازاندەوە و هاتەوە لای پاشا
وتی: شایا من پیاوێ ئاشپەزم
خۆراکی خۆشت لە بۆ ئەپەزم
ئەگەر تۆ بمکەی بە ئاشپەزی خۆت
هەر چێکت بوێ دروست ئەکەم بۆت" (فردوسی، ١٣٨٦، ٥١٥)

بۆیە پاشا ڕۆژێك بانگی دەکات و دەیەوێت لەبری ئەو دەستڕەنگینی و شارەزاییەی لە ئامادەکردنی خواردن بۆ پاشا، پاداشتی بداتەوە، پێی دەڵێت: چیت دەوێت تا بۆتی جێبەجێ بکەم، وەکو پاداشتێك بۆ خزمەتکردنت لەنێو چێشتخانەی کۆشکدا. ئەویش ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و بە پاشا دەڵێت: من هیچ شتێکم ناوێت، تەنها ئەوە نەبێت وەکو سوپاسگوزارییەك بۆ بەڕێزتان ڕێگەم پێبدەن، شانەکانت ماچ بکەم. پاشاش بەلایەوە شتێکی زۆر کەم و ئاسایی دەبێت و پێی دەڵێت: ئاساییە و لاریم نییە. داوادەکات پاشا شانەکانی بۆ بەدیاربخات، واتە جلەکانی لەسەر شانەکانی لابدات و ڕووتیان بکاتەوە، تا ماچیان بکات، ئەویش داواکارییەکەی جێبەجێ دەکات، ئەهریمەن دێت شانەکانی پاشا ماچ دەکات. ئیتر دوای ئەوە، ئەهریمەن، یان چێشتلینەری کۆشك وندەبێت. دوای ماوەیەك شوێنی دەم و ماچکردنەکە دەئاوسێن و ئازاریان لێ پەیدا دەبێت. ئەو ئازارە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، تا ئەوەی پاش چەند ڕۆژێك دوو ڕەشمار لەسەر شانەکانی پاشا دەڕوێن.

"ئەژدیهاك وتی: ئەمیشە شانم
دەبێ ماچیکە ئارامی گیانم
دەبێ ماچیکە لەجیاتی خەڵات
ئەوا پەژارە و خەفەتت هەڵات
لەپڕ ماچی کرد هەردوو شانی ئەو
دوو رەشمار روا لەبۆ گیانی ئەو" (فردوسی، ١٣٨٦، ٥١٧)

وای لێدێت ئەو ڕەشمارانە تەنگ بە پاشا هەڵدەچنن و لەبەر ئازار ژیانی لێ تاڵ دەبێت، هەر چی وەزیر و ڕاوێژکار و دەستوپێوەندی کۆشك هەیە، هەموویان دەکەونە ڕا و تەگبیر بۆ چارەسەری پاش، هەر ڕۆژەی حەکیمێك دەهێنن و هەر ڕۆژەی لە هەموو لایەکەوە خەڵکی بەناوی پزیشك و دکتۆر دێنە کۆشك، بۆ ئەوەی شارەزایی خۆیان تاقیبکەنەوە، بۆ ئەوەی چارەسەری پاشا بکەن، بەڵام هیچ شتێك ئەنجامامێکی دڵخۆشکەری نابێت. دوای ئەوەی هەموو لایەك بێ هیوا دەبن لە دۆزینەوە چارەسەر بۆ پاشا، لەو کات و ساتە هەستیارەدا، بۆ جاری سێیەم کەسێتی ئەهریمەن بەدیاردەکەوێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان لەسەر شێوەی

حەکیم و چارەسەرساز خۆیی پیشاندەدات و پێیان ڕادەگەیەنێت، کە هاتووە بۆ ئەوەی چارەسەری پاشا بکات، بێگومانیش چارەسەری پاشا لەلای ئەوە، داوایان لێ دەکات، کە بیبەن بۆ لای پاشا، ئەوانیش دەگەشێنەوە و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەیبەنە ژووی پاشا، کە لە دۆخێکی زۆر خراب دایە، دوای پشکنین و خۆخەریککردن، بە زەردەخەنەوە پێیان دەڵێت: زۆر ئاسانە چارەسەری پاشا لەلای منە و هیچ خەمتان نەبێت. هەموو بە خۆشی و گەشانەوە دەپرسن، چۆن وایە؟ چارەسەری هەیە؟ ئەی چارەسەرەکە چییە؟ پێمان بڵێ تا ئەگەر لە ژێر ئەرزیش بێت، بیهێنینە سەر ئەرز. پێیان دەڵێت: ئەو مارانە دەبێت خۆراکێکی تایبەتییان پێبدرێت، تاوەکو دامرکێنەوە و ئازاری پاشا نەدەن، دەڵێن: پێمان بڵێ ئەو خۆراکە چییە، تا بۆیان بهێنین، ئەویش دەڵێت: مێشکی مرۆڤە! دەبێت هەموو ڕۆژێك مێشکی دوو لاو بدرێت بە مارەکان، تاوەکو دابمرکێنەوە و پاشاش بە ئاسوودەیی ژیانی خۆی بکات، هەموو سەریان سوڕدەمێنێت!! بەڵام کەسێش ناتوانێت بڵێت ئەمە شتێکی نەکردەیە، چۆن دەبێت ڕۆژانە دوو مرۆڤ بکەنە قوربانی و مێشکیان دەرخواردی مارەکان بدەن، بەڵکو بە خۆشییەکی درۆزنانە پێشوازی لێ دەکەن.

"لەپڕ ئەهریمەن خۆی کردە پزیشك
هاتە لایەوە هەروەکوو پزیشك
وتی پزیشکم  هاتم چارت کەم
چاری دەردەکەی لەش بیمارت کەم
وتی: چی بکەم من چارم چیە
بۆ ئەم دەردەمە دەرمانێ نیە؟
ئەهریمەن وتی: ئارام بگرە تۆ
من کارێ ئەکەم نەبی ڕەنجەڕۆ
وتی تۆ ئەبێ مێشکی بنیادەم
بدەیتە دەردخوارد مارەکان هەردەم" (فردوسی، ١٣٨٦، ٥١٧)

ئیتر دوای ئەوەی ئاژاوەکەی نایەوە، ئەهریمەن دەڕوات و ونده بێت . ئەگەر سەرنج بدەین، لە هەر سێ دەرکەوتنەکەی شەیتاندا، هەر جارەی بەجۆرێك و لەسەر شێوەیەکی جیاوازە، هەموو جارەکانیش دوای ئەنجامدانی کار و ئەرکەکەی خۆی وندەکات، ئەم ونبوونەش دیسانەوە مایەی تێڕامان و لەسەر وەستانە، چونکە ئەمەشی هێزێکی ئەفسانەییە، کە "هەرچەندە بۆ کەسایەتی ئەفسانەیی ئاسایییە، کە بتوانێ نەبیندرێ، بەڵام بۆ شەیتان میراتێکە و لە سەردەمی فریشتەیی بۆی ماوەتەوە. کە لێرەیە ، ئەفسانە و ئایین، واقیع و ئەفسانە تێکەڵ دەبن" (حەسەن، ٢٠٠٧، ٣٢٣). دوای ئەوە ڕۆژانە دوو لاو سەردەبڕن و مێشکیان

دەرخواردی مارەکانی سەر شانی پاشا دەدەن. لێرەدا ئەو کەسێتییە، کە بەو شێوە کارایی و کاریگەرییە دێتە ناو ڕوداوەکان و ئاراستەی ڕوداوەکان دەگۆڕێت و گەشەیان پێدەدات. هەروەها ئەگەر ئەو کەسێتییە نەبوایە، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ئەو حیکایەتە ئەو ئاراستە و ئەو سەرەنجامەی نەدەبوو، ئەو کەسێتییەش وەکو گوتمان کەسێتییەکی ئەفسانەییە، بەو هۆیەش ناوەرۆکی حیکایەتەکەشی بە ئاراستەیەکی ئەفسانەییدا بردووە. بەم شێوەیە " شەیتان یا هێزی بەدکار دەبێتە هۆی ئەو هەموو ئاڵوگۆڕییەی لەمەڕ ئەفسانەکە و، چینی دەسەڵاتدار و چەوسێنەر خاوێن و بێ خەتایە و تەنانەت تاوان دەخرێتە ئۆباڵی ئەو گیانلەبەرە یا کائینە غەیبییەی کە ناوی نراوە شەیتان و لە بیر و میشکی مرۆڤدا گوزەران دەکات" (زەردەشت، ١٩٩٩، ١٠٤).

**٣,٢,٢. ڕەهەندی بوونەوەری سەیر و سەمەرە**

لەنێو ژانرە ئەدەبییە چیرۆك ئامێزەکاندا بوونەوەری سەیر و سەمەرە ئامادەییان هەیە، کە لەنیو بابەتە واقیعییەکاندا ئەو جۆرە بوونەوەرانە بۆ ئاژەل و باڵندە دەگۆڕێن، بەلام لە ئەفسانەکاندا دەبنە ئەو جۆرە بوونەوەرانە، بەم شێوەیە " زۆر جار خەیاڵی مرۆڤ دەفرێت، کەسایەتی وا سەیر و سەمەرە دروست دەکات، کە شێوەی ئەو لەناو کۆمەڵدا نابینرێت، نە هەر ئەوەندە، بەڵکو بەدەر لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گیانداری خوڕافی و خەیاڵی و ئەفسانەیش دەخولقێنێ، وەك دێو و درنج و خێو مێردەزمە و...هتد" (سەعید، ٢٠٠٨، ٨٥). دیارە ئەفسانە کوردییەکانیش بەهەمان شێوە و فۆرم و خەسڵەتی ئەفسانەی نەتەوەکانی دیکە گێڕدراونەتەوە، بەجۆرێك"لە ئەفسانەی کوردیدا، وەك ئەفسانەی هەموو میللەتان، جگە لە مرۆڤ و کەسایەتییە ئەفسانەییەکان، گیانداران بە هەموو جۆرەکانیانەوە، گەورە و بچووکیانەوە، ، باڵدار و پێڕەوکیانەوە، وشکانی و ئاوییانەوە هەر هەموویان دێنە ناو ئەفسانە و ڕۆڵی خۆیان دەبینن، ماریش یەکێکە لەو زیندەوەرانەی، کە بە هەموو شێوەیەکەوە، بە (چاك)یی و خراپ)یەوە، پاڵەوانیەتی ئەفسانە دەکات" (حەسەن، ٢٠٠٧، ٣٥٠). لە نێو حیکایەتی، یان ئەفسانەی زوحاك و کاوەی ئاسنگەردا دوو ڕەشمارەکەی سەرشانی دەکەونە ئەو چوارچێوە ئەفسانەییەوە، چونکە لە ڕاستی و واقیعدا بە هیچ جۆرێك شتی وا نە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا ئەو جۆرە شتە ڕونادات، کە دوو بوونەوەری لە شێوەی ڕەشمار لەسەر شانی کەسێك بڕوێن و بەردەوام ئازاری بدەن و داوای خۆراکی دەگمەن و سەیر و سەمەرەی لێ بکەن، ئەویش مێشکی مرۆڤە، کە بەو خواردنە دادەمرکێن و پاڵەپەستۆی سەر خاوەنەکەی، کە پاشا زوحاکە کەم دەبێتەوە، بە نەمانی کاریگەریی ئەو خۆراکە، دووبارە فشار و ئازاردان دەسپێدەکەنەوە، بۆ ئەوەی بە زوویی تێریان بکات و داواکارییەکەیان جێبەجێ بکات، سەیر و سەمەرەی ئەم دوو بوونەوەرە لەوەشدا دەردەکەوێت، کە ئەمەش دیسانەوە ڕەهەندێکی دیکەی ئەفسانەیی ئەم بوونەوەرانەیە، ئەویش ئەوەیە، کە دکتۆر و

حەکیمەکان بە ئامرزی برەرلە ڕەگەوە دەیانبڕنەوە و هەڵیان دەکێشن، بەڵام بە زوویی دووبارە دەڕوێنەوە و سەرهەڵدەدەنەوە، بەڵکو زۆر بەهێزتر دووبارە دەردەکەونەوە و دەژیێنەوە، ئەمەش لە ڕاستی و واقیعدا شتی وا لە سەر ئەرزی واقیعدا بوونی نییە، بەڵکو ئەمە شتێکی تەواو ئەفسانەییە و خەسڵەتی ئەفسانەیی بە بابەتەکە دەبەخشێت.

"لەپڕ ماچی کرد هەر دووشانی ئەو
دوو ڕەشمار روا لە بۆ گیانی ئەو
هاتن بڕییان دیسانەو croوا
وتی چارم کەن برایان بۆ خوا
پزیشکان هەموو کەوتنە راوێژ
وەك بەرخ و کارێ کە بکەن کاوێژ
هەر چێکیان کرد و یەك یەك هەوڵیان دا
چارەیان نەکرد بە یەك قەولیان دا
هەتا ئەم رازە هیچ نەدرکێنن
واز لە بڕینی مارەکان بێنن"(فردوسی، ١٣٨٦، ٥١٧)

دکتۆر مارف خەزنەدار لە پێشەکی کتێبی (پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی)ی نوسینی (د.مەولود ئیبراهیم) لە وەڵامی زانایەکی ڕۆژهەڵاتیدا، کە پرسیاری ئەوەی لێ کردووە، ئایا ئێوەی کورد مێژووی ئەفسانەییتان هەیە؟ ئەویش لە وەڵامدا پێی گوتووە، بەڵێ هەمانە، ئەو زانایەش داوای لێ کردووە بۆی باس بکات، دەڵێت: "منیش حیکایەتی کاوەی ئاسنگەرم بۆی گێڕایەوە، لە دوو مارەکەی سەرشانی ئەژدەهاکەوە تا شاردنەوەی یەکێ لەو کەسانەی کە دەبوو مێشکیان ببێ بە خۆراکی مارەکان و بەندکردنیان لە کێوی دەماوەند" (حەسەن، ٢٠٠٧، ٢٣) لێرەدا دکتۆر مارفیش جەختی لە ئەفسانەیی حیکایەتەکە و بوونی ئەو دوو بوونەوەرە (ڕەشمارەی) سەر شانی زوحاك کردۆتەوە، کە ڕەهەندێکی ئەفسانەییان بە بابەتەکە بەخشیوە.

**٤,٢,٢. خەون و ڕوداوی واقیعی ئەفسانەیی**

ڕوداویش وەکو توخمێکی بنەڕەتی نێو حیکایەت و ئەفسانەکان و بابەتەکانی دیکەی چیرۆك ئامێز ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە لە گێڕانەوەی بابەتەکاندا دەبینێت، بەم شێوەیە ڕوداو ئەو "توخمەیە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەش لە ڕێی هۆ و هۆکار و لە بەدواهاتنێکی ڕێکوپێکدا یاخود بە شێوەیەکی تێکشکێنراو بەبێ ڕەچاوکردنی هۆ و هۆکار دەخرێنەڕوو" (عوسمان، ٢٠١٠، ١٩).

کەواتە ڕوداو هەموو کار و کردەوە و هۆکاری روودان و دروستبوونیان و ئاراستەکردنیان بەرەو قۆناغەکانی دواتر و پەرەسەندن و گۆڕانکاری کارەکتەرەکان دەگریتەوە، بۆیە دەتوانین بلێین: ڕوداو" بریتییە لە کردارێك یان زیاتر لە کردارێك، کە هۆکارێك یان چەند هۆکارێکی تایبەتی کار لە خولقاندنیاندا دەکەن" (العذاري، ٢٠٠١، ٣١). ڕوا\وداوەکانی نێو حیکایەتی کاوەی ئاسنگەر و زوحاك لە نیوان مێژوویی واقیعی و ئەفسانەیدا دەخولێنەوە، کە ڕوداوەکان لە مێژوو، یان واقیع وەرگیراون و فۆرمێکی ئەفسانەییان پێ بەخشراوە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا یەکدەگریتەوە، کە ڕوداوەکان " کۆمەڵە کارێکە کارەکتەرەکان ئەنجامیان دەدات، بەهاوکاری کەسانێك و ڕکابەری کەسانێکی دیکە، لە بارودۆخێکی ئاسایی و نائاساییدا" (سەعید، ٢٠٠٨، ٥٧). ڕوداوی دەرکەوتنی ئەهریمەن و خۆگۆڕینەکانی دەچنە چوارچێوەی ئەفسانییەوە، چونکە لە هەر دەرکەوتنێکیدا بەشێوە و فۆرمێکی جیاواز دەردەکەوێت و توانای خۆگۆڕینی بە شێوەیەکی تەواو هەیە، بەجۆرێك هیچ کەسێك نایناسێتەوە و گومانیشی لێ ناکات، کە هەر دەرکەوتنێکی ڕوداوێکی نوێ دەخولقێنێت و وا دەکات ڕوداو و کارەکتەر و گرێیەکان دەگۆڕین و گەشەدەکەن و بەرەو ئالۆزبوون و لوتکە هەنگاو دەنێن، هەروەها ڕوداوێکی دیکە ، کە بەشێوەی خەون دەخرێتە ڕوو زوحاك خەون دەبینێت، لە خەونەکەی کەسێك هێرشی دەکاتە سەر و پاشان زنجیری دەکات و بە یەخسیری دەیباتە کێوی دەماوەند و لەوێ لە ئەشکەوتێکدا زیندانی دەکات، کاتێك بە خەبەر دێت زۆر دەشێوێت و دەترسێت، بۆیە داوا لە زانایان و شارەزایانی خەون دەکات، کە کۆد واتای خەونەکەی بۆ لێك بدەنەوە.

"هەتا شەوێکیان ئەژدیهاك لە خەو

روانی کە پیاوێك زوو هاتە لای ئەو

وتی: من کاوەم، کاوەی ئاسنگەر

لە کوێیە دادی تۆ ئەی ستەم کار

بە گوورز و گۆپاڵ دایە توق سەریا

دی خەڵك وێستاوە لە دەور و بەریا

پەلامای دا وەك شێری جەنگی

ئەوی خستە ناو مەترسی و تەنگی

بە پەتێ ئەوی شەتەك دا بە قین

وتی: بۆ منت بەدبەخت کرد لە ژین

لە پڕ رژانە ناو کۆشك و تەلار

گشت جێێکیان گرت بە رق و بە قار

ئەژدیهاکیشیان بردە دەماوەن

لەپڕا بووە خۆشی و زەماوەن
چاڵێ لەوێ بوو خستیانە نێوی
هەتا ببێتە خۆراکی ڕێوی" (فردوسی، ١٣٨٦، ٥٢٥)

سەیرەکە ئەوەیە، دوای چەند ساڵێك ئەو ڕووداوەی بە خەون دیویەتی بە تەواوی و بەوردی، بەبێ کەم و زیاد لە واقیعدا ڕودەدات و کاوەی ئاسنگەر دەبێتە ئەو پاڵەوانە، کە دێتە ناو کۆشکەکەی زنجیری دەکات و بە یەخسیری دەیباتە کێوی دەماوەند و لەوێ لە چاڵێك، یان ئەشکەوتێك تا مردن زیندانی دەکەن و بەزەلیلی دەمرێت، ڕودانی ئەم جۆرە ڕوداوەش دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەفسانەوە، چونکە زۆر ئەستەمە خەونێك بەو وردی و بێ زیاد و کەم لە ژیانی واقیعیدا دووبارە بێتەوە و بێتەدی، مەگەر ئەمە هەر لە نێو کاری ئەفسانەییدا بێتەدی و ڕوبدات، ئەگینا لەسەر ئەرزی واقیعدا شتی وا نە ڕویداوە و نە ڕودەدات، بەم شێوەیە " لەوانەیە ڕوداوەکە ڕاستەقینە بێت، بەلاّم بەهۆ تێکهەڵکێشی لەگەڵ خەیاڵێکی فراوان لە واقیع بەرز دەبێتەوە و لەگەڵ لۆجیکدا ناگونجێ، بۆیە بە ڕاستی لە خەیاڵ جیاناکرێتەوە" (ڕەسول، ١٩٨٩، ٨٨)، بۆیە ئەم ڕوداوانە و چەندین ڕوداوی دیکەی سەیر و سەمەرەی دوور لە لۆژیك وا دەکەن ڕوداوەکان بکەن بە ڕوداوی ئەفسانەییەوە.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی کۆڵینەوەکەماندا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. حیکایەتی زوحاك و کاوەی ئاسنگەر حیکایەتێکی ئەفسانەیی نێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە.

٢. ڕەهەندی کات یەکێکە لەو ڕەهەندانەی، کە بووەتە هۆی ئەوەی حیکایەتەکە بچێتە ناو چوارچێوەی ئەفسانەوە.

٣. ئامادەیی کارەکتەری ئەهریمەن، وەکو کارەکتەرێکی ئەفسانەیی لەنێو حیکایەتەکەدا، ڕەهەندێکی ئەفسانەیی بە حیکایەتەکە بەخشیوە.

٤. بوونی بوونەوەری سەیر و سەمەرە، کە خۆی لە دوو ڕەشماری سەر شانی زوحاك دەبینێتەوە و لەسەر شانی شا زوحاکدا ڕواون، ڕەهەندێکی دیکەیان بە حیکایەتەکە بەخشیوە و چۆتە نێو بواری ئەفسانەوە.

٥. گۆڕانی خەون بە ڕوداوێکی واقیعی لە کۆتایی ژیانی شا زوحاکدا بە شێوەیەکی دەقاودەق، دوورە لە واقیع و حیکایەتەکە دەکاتە حیکایەتێکی ئەفسانەیی.

٦. ڕوداوی ڕوانی مارەکان و بڕینەوە و دووبارە سەرهەڵدانەوەیان و ڕوداوی دەرکەوتنی ئەهریمەن و خەوبینین ڕوداوەکانی ئەم حیکایەتە دەکاتە ڕوداوی ئەفسانەیی.

## سەرچاوەکان

### کتێب بە زمانی کوردی


١. بۆتانی، بەشیر سەبری، ٢٠٠٨، هونەرە فۆلکلۆری و میللییەکانی دەڤەری کەرکوك، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٢. حەسەن، مەولود ئیبراهیم ٢٠٠٠، گەڕان بەدوای نەمریدا لە ئەفسانەی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣. حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٠٧، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٤. حەیران ، ئەحمەد، ٢٠١٢، کانی خومارۆکێ، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥. خەزنەدار، مارف(د)، ٢٠٠٦، مێژووی ئەدەبی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦. ڕەسول، شوکریە(د)، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.

٧. زەردەشت، ئەحمەد، ١٩٩٩، کاوە و نەورۆز... ئەفسانە و بیری نوێ، دار الحرية للطباعة، بغداد.

٨. سەعید، ئازاد محەمەد، ٢٠٠٨، کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشوری کوردستاندا(١٩٧٠ – ١٩٧٩)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

٩. سەمەد، بێریڤان، ٢٠١١، ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەتدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٠. سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠٠١، کتێبی نالی، چاپخانە و دەزگای موکریانی، هەولێر.

١١. عەباس، هەمەد سلێمان، ٢٠٠٦، پاڵەوان لە ئەفسانە و حیکایەتی میللیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٠).

١٢. عوسمان، ڕێزان، ٢٠١٠، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی باشوری کوردستاندا، ساڵی (١٩٨٥-١٩٩٠)، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٣. فیردوسی، ابوالقاسم، ١٣٨٤، شانامە، و. صدیق بۆرەکەیی(د)، بڵاوکردنەوەی پەرتەوبەیان، چاپخانەی ئوسوە، سنندج.

١٤. گەرمیانی، عادل مەجید محەمەد، ١٩٩٦، ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

١٥. مەعروف، کەمال(د) ٢٠٠٧، ڕەخنەی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

١٦. موکریانی، گیوی، ١٩٩٩، فەرهەنگی کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٧. وارنێر، ڕێکس، ٢٠٠٩، قارەمان لە ئوستورەکانی جیهاندا، و. مێهرداد نیا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٤٢).

**كتێب بە زمانی عەرەبی**


١. الاسطورة توثيق حضاري، تاليف قسم الدراسات والبحوث في جمعية التجديد الثقافية الاجتماعية، ٢٠٠٩، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

٢. ثيسبدس، فرانشيسكو جارثون، ١٩٩٦، مسرح السر التمثيلي، ت. سمير متولي، مركز اللغات والترجمة اكاديمية الفنون، ط٢، مطبع المجليس الاعلى للاثار.

٣. الجبوري، مجيد حميد(د)، ٢٠١٣، البنية الداخلية للمسرحية، دار الفكر للنشر والتوزيع منشورات ضفاف، بيروت.

٤. خورشيد، فاروق، ٢٠٠٢، أديب الاسطورة عند العرب- جذور التفكير وأصالة الابداع، الكويت.

٥. الريموني، فراس، ٢٠٠٩، الطقوس البدائية والمسرح، دار الكندي للنشر والتوزيع، الاردن.

٦. الريموني، فراس، ٢٠٠٩، الطقوس البدائية والمسرح، دار كندي للنشر والتوزيع، اربد-الاردن.

٧. سعد، عبدالعزيز، ١٩٦٦، الاسطورة في الدراما، المطبعة الفنية الحديثة، القاهرة.

٨. السواح، فراس، ١٩٨١، مغامرة العقل الاولى- دراسة في الاسطورة، دار الحكمة للنشر، بيروت.

٩. السواح، فراس، ١٩٨٥، مغامرة العقل الولى- دراسة في الاسطورة سوريا وبلاد الرافدين، ط٤، دار الكلمة، بيروت.

١٠. عبدالحسين، امجد زهير، ٢٠١٠، الاسطورة في المسرح، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.

١١. العزاري، طارق(د)، ٢٠٠١، آفاق مسرحية، دار الكندي للنشر والتوزيع، الاردن- الاربد.

١٢. ميتشيل، دينكسن، ١٩٨١، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.

## الأبعاد الخرافية لحكاية الضحاك وكاوة حداد


**الملخص**

للأساطير أبعاد خرافية وأسطورية ، وهذه الأبعاد جعلت من الأسطورة أن تتجه نحو أفكار خرافية وأسطورية، مايجعل الناس أن تنتابهم الشكوك حول حقيقتها وواقعيتها . وتعد الخرافة جزءا مهما من تراث الأمم في المجتمعات البشرية وانتشرت كنوع من أنواع الأدب الفلكلوري في المجتمات ، وبعض منها انتشرت مندمجا مع الملاحم العالمية مثل ملحمة جلجامش وتمثل هذه الملحمة عملا عالميا أو شرقيا على شكل الملحمة ، وهناك من يسميه خرافة ، على سبيل المثال أطلق عليها المنقب العراقي المشهور (طه باقر) تسمية الملحمة . والشعب الكوردي يمتلك الخرافة مثل بقية الأمم ، حيث نقلت بأشكال وصور مختلفة ، مثل خرافة (ضحاك وكاوة الحداد) ، قيل أنها ملحمة وقيل أنها خرافة وقيل هي عبارة عن عمل ملحمي خرافي ، هناك أسباب ودواعي لتسميتها بالخرافة ، وهناك دواعي أخرى ليطلق عليها تسمية الملحمة ، لذلك أختلف حولها الباحثون وكتاب التراث حول أصل هذا العمل الأدبي العريق . من هذا المنطلق ارتأينا تسمية الدراسة ب (الأبعاد الخرافية لحكاية الضحاك وكاوة حداد) ، حاولت الدراسة أن تقف على الأسس والأصول التي تقربها من الخرافة وتؤكد على نسبته اليها ، وكذلك اسباغ الصبغة الكوردية عليها ، وجابهت الباحث مجموعة من الأسئلة مفادها حول ما إذا كانت حكاية (الضحاك وكاوة الحداد) لها أصول خرافية أم لا؟ وأن تتجه اتجاها خرافيا ،وتدخل ضمن عالم الخرافة؟ وفي ضوء فرضية أن هذه الحكاية تحمل أبعادا خرافية تجعلها تتجه نحو عالم الخرافة، وحاولنا تحليل النصوص في ضوء ذلك . وتتضمن الدراسة فصلين ويحتضن كل فصل محاور ، وفي النهاية عرضنا مجموعة من النتائج التي توصل اليها الباحث .



**الكلمات الدالة:** *الخرافة، القصص، الأدب الشعبي، الأدب الشفهي، المخلوقات الغريبة.*

## Mythological Dimensions of the Story of Zuhak and Kaveh Assanger


### Abstract

Myths contain many mythical and superstitious dimensions, which have led the subject to move more towards mythical and superstitious thought, which people somehow doubt the truth and reality of its events. Myths, like any important part of any society, have their own place and importance. As a genre of folk literature, it has spread among the nations and societies of the world, some of these legendary stories have been published in the form of epics and myths and a mixture of epics and myths, for example, Gilgamesh, As a world or oriental work, some call it a myth, others an epic, for example ( Taha Baqir) He called it an epic, the Kurdish nation has some products in this regard, which have been disseminated or narrated in more than one form, for example the legend of zahhak and kaveh the blacksmith or kaveh ahangar, which exists in several forms, epic, myth, and a mixture of epics and myths, seems like a number of values and dimensions have made it possible to call this tale a myth, In this research, under the title (Mythological Dimensions of the Story of Zuhak and Kaveh Assanger), we have emphasized the aspects, principles, narratives and stories that This folk tale is considered a Kurdish legend, That is, the principles that have led us to regard the story as a myth. At the same time, several questions arise before the researcher, such as whether the story of Zuhak and Kaveh the Blacksmith Does it contain any mythical dimensions? What are the dimensions that make the story legendary? It is also in light of the assumption that several mythical dimensions in the story of Zuhak and Kaveh the Blacksmith have led this story to a mythical world. The research was conducted in two parts, Finally, we have presented the conclusions we have reached.



**key words:** *myths, stories, folk literature, oral literature, strange creatures.*